هێڵنجی ماسی

1

# هێڵنجی ماسی

کۆمەڵە شێعر

محەمەد باوەردی موقەددەم

2015

# هێڵنجی ماسی

**شێعر**

**محەمەد باوەردی موقەددەم**



**ڕووبەرگ: محەمەد باوەردی موقەدەم**

**دیزاین: محەمەدئەمین شاسەنەم**

**چاپخانە:**

**ئەژمار:2000 دانە**

**چاپ: یەکەم، بەهاری 2015**

**هەگبەی ئەلیکترۆنی:**

info@bavrdi.com

Bavrdi.com

هێڵنجی ماسی

سرشناسه :۱۳۶۳ -باوردی مقدم، محمد،
عنوان و نام پدیدآور :هیلنجی ماسی: کومەلە شیعر/ محەمەد باوەردی موقەددەم.
مشخصات نشر :، ۱۳۹۴.بوکان: محمد باوردی مقدم
مشخصات ظاهری :۵۶ ص.
شابک :978-600-04-1685-0
وضعیت فهرست نویسی :فیپا
یادداشت :کردی.
موضوع :شعر کردی -- قرن ۱۴
رده بندی کنگره :۱۳۹۴ ۲۶ب س PIR۳۲۵۶/۷۴۳
رده بندی دیویی :۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی :۳۹۲۸۷۹۶

ئەم کۆمەڵە شیعرە
پێشکەشە بەو کەسانەی وا ماچم کردوون

# پێرست


یاداشتێک بۆ خوێنەر ........................................ 7
دەزانم بۆ باڵندەکانی نێو قەفەز دەگرین ........................ 9
پیری ........................................ 14
دەچمە سەر ناڵەشکێنە ........................................ 15
«؟» ........................................ 17
خەونەکانم لە ڕۆژهەڵاتدا دەبارێن ........................................ 18
ئەو ........................................ 19
ئەو وڵاتانە وا ئاون ........................................ 20
ئەڤین ........................................ 22
دەمهەوێ لەگەڵ ڕێگا پیاسە بکەم ........................................ 23
کەس ........................................ 24
ئێمە و ئەوان ........................................ 25
گۆڕان ........................................ 30
ئەو دەمەی مانگ زەریا ڕادەژێنێ ........................................ 32
تەنیایی ........................................ 35
غەزەلێک لە هێڵنج ........................................ 36
مەرگ ........................................ 37
گریمان ماچم کردی ........................................ 38
نیشتی‌ـــــمنـــــمان ........................................ 41
بینینی ئاتلانتیس ........................................ 42
«...» ........................................ 43
زەردەخەنەیەک وا هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ........................................ 45

تابلۆ ........................................................................ 47
یەخسیر ..................................................................... 48
ئاودەس‌خانەی کافەیەک ............................................ 50
دڵێکی مۆنتاژ کراو .................................................... 51
جاری وایە وشەکان لە پەنجەرەوە دەکەونە خوارێ................ 53
ناسک‌ترین هەڵبەستم .................................................. 55
گۆشەنشین .................................................................. 56

## یاداشتێک بۆ خوێنەر

شێعری ئەم سـەردەمەی کورد، شێعرێکی جیهانی و ڕووو بە داهـاتووە کە هـاوڕێ و هـاوئامانجە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگـای جیهانی و کوردەواری. هەربۆیە پێم دەروویەکی باشـە بۆ دۆزەرێکی کۆمەڵایەتی، بۆ پشکنین و دۆزینی ڕۆحی ئەو کۆمەڵگایە.

دیارە بۆ تێگەیشتن لە شێعری سەردەم، ناسیارییەکی کورت لە ڕەوت و بزاڤە ئەدەبییەکـان و مەکتەبە ئەدەبییەکـان و مێژووی ئەدەبی سـەردەم پێویسـتە؛ سـەرەڕای ئەوە، تەواوی حەولی من ئەوە بووە کە بە زمانێکی ئەوەندە سـاکار بنووسـم کە ئەو مەودایە بـڕووخـێنم، هـاوکـات گەوهەری ئەدەبی بـابەتەکەش نەخەوشـــێنم و بۆ مرۆڤی ئـاســـایی نـائەدیبیش، جوانییەکانی هەر ئاشکرا بێت، بەڵام ڕەنگە ئەوە هەر حەولێک بووبێت.

ئەم ناميلكەيە بريتييە لە 28 بەرهەمە شـــێعری دواييني ئەم قەڵەمە، کە لە کۆی ئەو بەرهەمـانە، چواريـان لە زوبـانی ئەلمانييەوە و يەکيان لە ئينگليزييەوە وەرگێڕدراون. لام وايە کە وەرگێڕانی شێعر بۆخۆی ئافراندن و داڕشتنەوەيەکی نوێ و سەربەخۆيە، سەبارەت بەوەشە کە ئيزنی ئەوەم بە خۆم داوە لە کـۆی بەرهەمە شـــێعرييەکـانمدا ئەو چەنـد وەرگێڕانە شـێعرييەش دانێم. لە وەرگێڕانەکاندا حەولم داوە ئەو بابەتانە وەرگێڕم کە هەرچەند تازەن بۆ ئێمە، بەلام هاوکات بوويێتنە کۆڵکە و بناخە بۆ ئەدەبی جيهان و هەروەها بە کلاسـيک بێنە ئەژمار.

هێنـدێـک لەم بەرهەمـانە لە بڵاڤۆک و گۆڤـارەکاندا لە ساڵانی 2003وە هەتا 2014 چاپ کراون.

محەمەد باوەردی موقەددەم

بۆکان، نەورۆزی 2015



## دەزانم بۆ باڵندەکانی نێو قەفەز دەگرین



**«کە هەڵگیرسا لە نووری بادە، شەمعی حوسنی جانانە**
**نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە دڵ چبکا»**
**مەحوی**

**لە پشت پەنجەرەش چەشنی ئێرا**
**تەنیا، تەنیایی‌یە گوڵم**
**بەردەوام شەو**
**لە زەوی ڕەنگەکان کوژاونەوە**
**ڕووناکییەکان باڵیان کشاوەتە دواوە**

**ڕۆژ بە تاکسییەکی شڕ لێرا دەرباز بوو**
**لە خاکی دڵم**
**هەناری تەنیایی ئاو دەدەم**
**کاتێک چنارەکان دەبارێن**
**من دەگریم**
**لە کەوشەکانم دەڕژێم**
**دیارییەکان نادیارن**
**ئاشناکان دیار نین**
**ڕەنگە ئێمە ئەوە بین وا**
**چاوەکانمان باڵیان گرت تا کوژانەوەی دڵێکی تر**
**«ئەگەرچی شەو درەنگەساقی بۆم تێکە کەمێکی تر»**[1]
**بەردەوام شەو**
**بەڵام چرایەک بە دەستمانەوە نەماوە**
**لە خەیانەتی ڕووناکیدا**
**مەعریفەت بەرلەوەی مانگ بگات گەیشت**
**وەک هەناری تەنیایی**
**ئاسمان تەڕ دەکات**
**بێخاڵتر لە سێبەر**
**بێخەیاڵتر لە ئینسان**
**میوەی تفتی بوون ئاڵۆز ڕاکێشم دەکات**

[1] هێمن موکریانی

ڕاوەستاوم بە دەم پیاسەوە
لە جێژوانی سەوزی کاتژمێردا
لەجیات تۆ فەرامۆشیم هۆنییەوە بۆ شەوێک چاوەڕوانیم
بانگت ناکەم
بانگت ناکەم
ئاخر چۆن دەتوانم بانگت نەکەم
من بانگت ناکەم
لە تەنیایی شەودا من مردووە
«زیندووە قەت نامرێ تۆ»[1]
بەردەوام شەو
ڕادەکێشێ
لە گومانی بووندا دەژین
لە گریمانەی زیندوومان
لە ئاسمانێک پڕ لە گوڵی تەنیایی
شک مەکە لە گەڵای گومانی بوون
جۆگەلەیەک ماچ بڕژێنە هێڵە جەغزاساکانی شەو
لە سوێسنەکانی زەنگوڵزەنگوڵ بارانی گوڵزاری بیابان
لە چرکەساتێکدا هەڵدەوەری تۆش
بۆی دەروونی پڕ لە ئاسایشی مەرگ
ئاسمان پڕ دەکات لە سەمای گەڵاکانی گەڕانەوە

[1] دڵدار

سەرینی ئەم خاکە
بەردەوام ڕاتدەکێشێ
بەرەو خەوەبەردینەیەکی نەرم‌تر
لە خولیای شەوە لەدەس‌چووەکانی ژیان
بەردەوام شەو
مەرگ باڵەکانی پەپوولە دەبەستێ و
بە ئەسپی پەپوولە دێ
یاخی بووم
لە هێڵی کۆترەکانی خیابانی کۆڵانەباخی مەرگ
هەرێمی
هێور هێور مان
هێرمان، نەمان
مان تا کام هەراسانی!
ڕەنگە خوا مرۆڤەکانی خۆش‌بوێ
چونکوو وەک خۆی تەنیان
بەردەوام شەو
پەپوولەپاییزەیەکم بینی باڵەکانی هەڵوەرین لە خۆشەویستی‌دا
و
چاوەکانی دانا بۆ بینینی چرای شەمەندەفەرێک
وا لە شەودا بزر بوو
کوا هاتنەوە

تەنیاکەم! مەڕۆ
بگەڕێوە گوڵم!
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
دەڵێم بگەڕێوە شارەکەت
باران خوساندی پیلم
لە دەردی ئینتیزارەکەت
لادێش وەڕەز بوو
لە هاتی
نەهاتی
هاتنت گوڵم
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
دەڵێم بگەڕێوە شارەکەت

بۆکان، ژوەنی 2006

## پیری

به ژوانی پووشێک فێر ببووم
له مەرگی بادا
به باخێک سێوەوە
دەیڕوانییە
کەلاوەکانی شار

بۆکان 2005

## دەچمە سەر ناڵەشکێنە

بۆ هاوڕێم حەسەن زیرەک

دەڵێی قەت مەرگمان نەدیوە
باران دەزنۆژی خیابان دەشکێنێ
ئۆتوبووس دێ
لە دڵی ئەسپێک
بە شوێن گوڵە هێرۆدا هەڵفڕی
ڕێبوار لە ئینتیزاردا
بوو بە درەختێک پڕ و خاڵی لە لک‌وپۆپ
لە وەرزێکی سپی‌دا ڕووت دەبێتەوە
بەرامبەر بە ئافرەتێک
سەری خۆی هەر دەبەخشێ
لە پڕشنگی بەیان‌دا بە چۆلەکەکان
بۆ نیگای کێلەکانی بوون
دەتوێتەوە لە خشپەی خاک‌دا
لە گەرووی چۆلەکەیەک‌دا

نالەشکێنە دیارە تا شێغڵەر[1]
من لەوێ بووم
لە داوێنی مەزرایەکی سووتاودا
هەرجارە چۆلەکەیەک دەکەوێتە خوارێ
دەزنۆژی باران دەشکێ
لە بەرزاییەکانی سینگی پەیڤێک‌دا
مینی ماچ و دوو لێواری چۆمێک
تەلدڕوویی حەساری ئەستێرە
لە زوبانی خۆڵەمێشی ئێوارەدا
مینێک شکۆفەی کرد
(مەیتێک) ئاوا بوو
کورت ببۆوە
لە ئێوارەی مەزرایەکی سووتاودا
ڕێبوار سواری ئوتوبووس بوو و ڕۆیی

بۆکان، پاییزی 2010





[1] «شێغڵەر» گوندێکی پەنای شاری بۆکانە، هەروەها شوێنی لەدایک‌بوونی شاعیری ئەو شێعرەشە.

«؟»

نە لە خەونەکانمدا؛
نە لە ڕاستیدا؛
تەنانەت
لە ئازارەکانمدا
تۆ بوویت

بۆکان، 2005

## خەونەکانم لە ڕۆژهەڵاتدا دەبارێن

**ئەفسانە**

**چەکەرە دەکات و**
**پاییز لە گوڵدان دەزەلێ**
**من لە یادت دەڕوێمەوە تا ڕۆژ**
**دونیا لە ئاسۆی لێویێکدا وێڵ**
**لە ڕێحانەتا شەو دەڕژێ**
**دڵۆپدڵۆپ ژیان**
**ئێمە جێ دێڵێ**
**وەک بەهاری چاوەکانت**
**لە گۆشەی هەوری سیاوە**
**جگەرسۆزان**
**لە دوای شەمەندەفەری تاسینی گوڵدان لە پەروانە**
**کەوشە تەنگەکانی دڵ لە پێ دەکەم و دەڕۆم**
**لە پێدەشتی تەنیایی ئەم خاکە**

**خووزستان، 2009**

# ئەو

ئەمن دەمگوت:
ئەڤین گوویەکە وا هەمووومان دەیخۆین
ئەو دەیگوت:
من چاوەڕوانی کەس نیم.

بۆکان، 2007

## ئەو وڵاتانە وا ئاون

«بۆ هاوڕێم ڤیرجینیا وۆلف
وا بە ئاو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا»

لە لادێ
لە سەفەری پێگەیشتنی تەنیایی‌دا
هەنارەکان نوقم دەبن لە ئاودا
دەنوێن لە ئاکامی گەیشتن
لە سیروان‌دا
دەشکێن
لە سینگی سۆزیاردا
بەلام چرای پەمۆیی دڵ ڕووناک
شادی بۆ وا کورتە؟ سۆزیار
ئەو وڵاتانە وا ئاون
لە ڕژان ناترسێن
ئەو ئاوانە هەن هەڵدێن
لە گۆرانی ئاو هاژاندن‌دا
ئاسمان دێ

**ئاو دەبارێ**
**لە ئاسمانی باڵبەستی دڵدا**
**پەنجە پەمۆیی‌یەکانی**
**بێ فریشتەی سۆزیار**
**ئاخۆ ڕۆشنی خستۆتە سەر ئەسرین**
**مرۆڤەکان**
**لە هەوارگەی دڵتەنگی‌دا**
**جیهان جێدێڵن**
**ئەو ئاوانەت ئاخۆ نەبینیوە؟**
**یاخۆ فرمێسک ناهێڵێ بیانبینین**
**پەنجەرە تەڕ دەبێ**
**دلۆپ‌دلۆپ**
**دەلەرزێوە دڵی ئاو**
**ماسییەک وا زەریای جێهێشت**
**ئاوەهای دەگوت:**
**«بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو**
**هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق»** [1]

**بۆکان، 2012**

[1] مەحوی

## ئەڤین

شاعیر وشەکان
ڕادەدێرێ
تا ئەڤین بکەن
ئە
ڤی
ین

بۆکان، 2008

## دەمهەوێ لەگەڵ ڕێگا پیاسە بکەم

هەڵدێم
دەنگی هەنگاوەکان
ڕێگا لە خەو هەڵدەستێنێ
خەمی خاکەکەم ڕادەکێشم
لە ڕێگاکانی باشووردا
سەوزی ئەندووهم
تەرەی تەنیایی
من و تۆ
لێژنەی سەرگەردانی سەرزەمینێکین
لە ئینتیزاری ڕێگاکاندا
لە کۆڵانەکانی دووردا
پەیدات دەکەم
لە کاروانی لەشت دەڕژێم
بە بارانی فرمێسک

خووزستان، 2009

## کەس

**لە بێکەسی‌دا**
**من تۆم خۆش‌دەوێت و**
**تۆش لە بێکەسی‌دا من**
**لەم ڕۆژانەدا**
**کە دەچمە بەر پەنجەرە**
**بیرت دەکەم**
**ڕەنگە بێکەس‌تر بووم**

**بۆکان، 2003**

## ئێمە و ئەوان

لە چاوەکانت دەپەڕێمەوە
بەرەو کۆچی سەرزەمینێک
ڕۆژ دێ
لە پەنجەرەوە
بە باڵەکانی شەرمێونی مانگ
عیسا بە دەم نازی لەیلاوە
بوو بە نازیست
من بە دەم نازی سێویێکەوە
ئاسمان لە سەر هەیوانی چاوەکانت
دێتە خوار
باوەشی هەڵوەری
لە نێو پەنجەکانی خاکدا
دەبارێن کولوەکانی بەفر
لە ئاوەڵایی خاکدا

**لە پەنجەرەوە**

**ئارام دێتە ژوورێ**

**بۆ سەر هەیوانی چاوەکانت**

**شە- وو- زیند - هید**

**خووزستان، 2010**

کورتەیەک بۆ ناساندنی

# بێرتۆلت برێشت

**Bertolt Brecht**

بێرتۆلت برێشت یان ئۆیگێن بێرتۆلد فرێدریخ برێشت (١٨٩٨ - ١٩٥٦)، شانۆنووس، دەرهێنەری شانۆ و شاعیر ئەڵمانی بوو. برێشت هۆگری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بوو. بێرتۆلت برێشت بە هۆی شانۆنامەکانیەوە بەناوبانگە. لە شاری (ئاوگسبورگ)ی وولاتی ئەڵمان لەدایکبووە.

برێشت هەر زوو دەستی کردووە بەنوسینی شیعر و لەتەمەنی (15)ساڵیەوە لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (فریتس گێهڤایە) لەقوتابخانەکەیدا ڕۆژنامەی خوێندکارانی نوسیووە لەوانەش بەشداری کردووە بەچەندین برگە، شیعر و نوسینی دراما، دواتر لەچەندین کەناڵی ڕاگەیاندن کاری کردووە، لەساڵی (1927) چەندین شیعری نوسیووە لەوانە، کە بووەتە گۆرانی بەناوی (ئایزن بان تروپە) و بووەتە هۆی بەناوبانگ بوونی (برێشت).


بەهۆی هەڵایسانی جەنگی جیهانیەوە لەو سەردەمەدا برێشت چەندین هاوڕێ دەناسێت و چەندین هۆنراوەی گۆرانی پێکەوە دەنوسن، بەوەشەوە ناوەستێت و ئاوازیش بەگیتارەکەی بۆ گۆرانیەکان دادەنێت و ناوبانگێکی باش پەیدادەکات و خەڵکێکی زۆر سەرسامی

دەبێت لەوانە، کچێک بەناوی (پاولا بان هۆڵتسە) کە (بێرتۆلت برێشت) لە شانۆکانیدا بە (Bi) کە واتاکەی (Bittersweet) تاڵی شیرین باس دەکات.

لەسەرەتای ساڵی 1917 دا برێشت پەرە بەخوێندنەکەی دەدات و دەچێتە زانکۆ لە شاری (میونشن)ی ئەڵمان.

پەیوەندی خۆشەویستی نێوان برێشت و (پاولا بان هۆڵتسە) لەساڵی (1919) دووگیان بوونی (پاولا بان هۆڵتسە)ی تەمەن (17)ساڵی لێدەکەوێتەوە، دەبێتە هۆی نیگەرانی باوکی پاولا و رێگە بەپاولا نادات هاوسەرگیری لەگەڵ شاعیرێک بکات و کچەکەی دووردەخاتەوە، دەینێرێتە لادێیەک بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەی و لە (1919/7/30) منداڵەکەیان بەناوی (فرانک بان هۆڵتسە)دێنێتە دنیاوە، دواتر (1922) برێشت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تر بەناوی (ماریانە زوف) دەکات و دەبێتە دایکی دوو منداڵی، پاشان برێشت کەسێکی تر بەناوی (هێلێنا ڤایگل)ی ئەکتەر دەناسێت و پەیوەندیان دەبێت و لەساڵی (1924) هێلێنا دووگیان دەبێت بێ ئاگاداری ژنەکەی (ماریانە).

برێشت پاش بڵاوکردنەوەی چەندین شیعر، تێکستی گۆرانی، نوسینی شانۆی جۆراوجۆر لە (1956/8/14) لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆچی دوایی دەکات، جیهانی شیعر و شانۆ جێدەهێڵێت.



## گۆڕان

شێعر: بێرتۆلت برێشت[1]

وەرگێڕان لە ئەلمانییەوە

**لە لای جادە دانیشتووم**
**شۆفیر تەگەر دەگۆڕێ**
**دڵم بەو شۆنە وا لەوێوە دێین خۆش نییە**
**ئەو شۆنەش وا دەچین پێم خۆش نییە**
**ئەی بۆ ئاوا بە بێئارامی و بێتاقەتی**
**چاوەڕوانی گۆڕینی تەگەر دەکەم؟**

ورمێ، 2014

---

1 Bertolt Brecht

هێڵنجی ماسی

## ئەو دەمەی مانگ زەریا ڕادەژێنێ

**وەرە**
**سۆزیار!**
**وەرە**
**بۆ کۆلانەباخی تەنیاییم**
**زولاڵی دەنگت**
**لە جریوەی موبایلدا**
**ئاوپرژێنی باخچەی دڵ ناکات**
**لە گەڵاڵەی ئەشکێکدا**
**دەتوێمەوە**
**سۆزیار**
**تا ژیان کۆنە نەبووە**
**کازیوە دەهۆنمەوە**
**بۆ جوانی بسکی شەرمنت**
**وا لە پەنجەکانی سووسەنبەردا**
**لە سەمای با ئاڵاوە**

وەرە بۆ کۆڵانەباخی شەیداییم
هەورەکان دەکەونە خوارێ
وەک پەمۆ
وەک هاوریشم
لە ئاکامدا
بۆ باوەشی
گیگا
گیگا
گیگابایت
تەنیاییم
وەرە سۆزیار
بە فۆنتی سوورەماسییەکی شەیدا
پەیڤێک لە زەریا بڕازێنە
شەپۆلێک سواری شەپۆلێکی کە دەبێ
مانگ زەریا ڕادەژێنێ
زەریا لێڵە سۆزیار!
لە عێرفانی هەنارەکانتدا
نەرمەواڵەی دڵم
بە ڤیرووسی شێخانە هەڵوەری
دەنکی هەنارەکانت دیارن
لە لەشی ئێوارەدا

بە تەنیا پیاسە مەکە
لە گۆشەی نیگاتدا
تەنیا دانیشتووم
وەرە باران دەگری
نیگەرانییەکی بڵیند لە پشت پەنجەرەیە
دەڵێن ئێمەش هەروا بووین
لە پانتایی ڕاوی وشەیەک
تەواو دەبین
بۆ شێعرێک
ژیان بۆ وا کورتە؟



**کەنداوی فارس، هاوینی 2010**

**لە ژێر مانگەشەودا و لە پەنای زەریا**

## تەنیایی

گەر خودا لە یادی کردم
تۆ لە یادم مەکە!
نا نا، بمبوورە
لە یادم نەبوو کە تۆش لە یادت کردووم.

بۆکان، 2006

## غەزەلێک لە هێڵنج

سێبەری تاو دەبارێ
مرۆڤ بێهوودە کاڵە
کە پاڵی دا بە دەشتێک لەیل و پەری تەنیایی و
من پاڵم داوە بە خۆمەوە
بەڵام لە تەنیایی هەڵکشاوم
ئەوە منم وا چاوم غەرقی تۆیە
دەڕوا بۆی تۆ وەک ئەشک لەلام
چەمەدانێک لە خونچەی مەرگ بڵاو دەبێتەوە
ماچی گرێدراو لە ئەرخەوانی ڕەنج
لە دیوی چاوەکانمدا دەبارێم
من وەختە داکەوم لە بوون
تەڕ دادەکەوێ باران
هەڵدەگەڕێن فرمێسک لە من
لە هەنیسکێک پڕ بە باوەشی تۆ مەرگ دەچێنم لە جەستەم
تۆ ئاسمانت پۆشیوە
من هەرگیز ناتوانم لە باوەشت گرم.

بۆکان، سێپتامبری 2008

## مەرگ

به کاتی بیابان
چاوەکانم و
به کاتی باران
دڵم و
به کاتی گوڵ
دوو گوڵم ناشت
به یادی تۆ

بۆکان، 2006

## گریمان ماچم کردی

دەروازە وەنەوشەیی‌یەکانی مەرگم دۆزیوەتەوە
لە پەڕتەوازە بوونی دڕکە ئەویناوییەکان‌دا
لە چمکە نارنجییە بێ‌ماناکانی بیابانی بوون
لە ئاسمانێک تەنیایی
گریمان ماچم کردی 
لە دەسپێکی سپی و لێڵی شەو
لە بن کۆلکەدارێکی بێ‌دەنگی پیر
لە بەر جۆگەلەیەکی پڕ لە ئاوی پڕ لە دەنگ
بەر لە کاتژمێری سیفر
گریمان ماچم کردی
چۆنە پیاسەچی ئێوارەت؟
بەر لەوەی بە دڕکی سڵاوێکی نەخۆش یەکتر بفرۆشین
ئەی پیاسەچییە وێڵەکە!
بوەستە با هەنارەکانی تەنیاییم لێ‌کەمەوە
هەنارە بۆمسکەکانی باخەڵی تۆ

ئەنگوستەکانم لە دەروێشانەی زولفتدا بێهۆش کەم
لە بلووری خەونە ڕووتەکانتدا بنووم
بەسۆزتر لە ناڵەی قەرەنای لە شەوێکی بێبن
ئەمشەو ئەرخەیانم
دەروازە وەنەوشەیی‌یەکانی مەرگم دۆزیوەتەوە
نهێنی ئەوەیە
هێشتا چاوەکانت شاعیرترن لە من
بای دێ
خامۆش ئەستێرەکان
تەنیایی‌یەکەم بە پەنجەکانم لە باوەش گرتووە
یان تەنیایی‌یەکانم بە هەناسەکانی منی هانی
لە کۆمێدیای زیندوو بوون
گریمان ماچم کردی
گەڵایەکی دار بووم وا وەریم لە تەنیاییدا
ئەسپ و پڕتەقاڵ
پەپوولە
نارنج
کۆترەباریکە
پڕ بووم لە تەنیایی
گریمان ماچم کردی

دەخولێمەوە لە دووی باویلکەیەکدا
منداڵئاسا
هەکڵمەکڵ کڵکافۆکێن
زەرد و سوور و خۆڵەمێشی
شار بەجێما لە دووت گوڵم!
لە جیات من فرامۆشی

بۆکان، ژانویەی 2006

## نیشتیـــــمنـــــمان

**چ لە تەرمی نیشتیمان کەم**
**خۆم کە تەرمی خۆم دەبینم؟!**



**بۆکان، 2004**

## بینینی ئاتلانتیس

بۆ هاوڕێم ئەفلاتوون

**چاوەکانتم بۆ پۆست کە!**
**چاوەکانمی ون کرد گزنگ**
**پاش هەڵواسران**
**بۆ ئاسمان ناچین**
**دێینە سەر زەوی**
**ئاسمان شۆڕ دەبێتەوە**
**دڵۆپ**
**دڵۆپ**
**دەتکێتە زەوی ئاسمان**
**ئەوکاتەی تێکەڵی بووم**
**خۆمم لە نێوی‌دا دۆزییەوە**
**من سێوێکم لە داوێنی کتێبێکی ئەفلاتوون‌دا**

بۆکان، 2013

«...»

به مەرگ
له مەرگ لەدایکبوو
مردوو
تەنیا
وەکوو باڵندەیەک
داکەوتە نێو
کاسەی ئاودەستخانەیەکەوە

بۆکان، 2013

کورتەیەک بۆ ناساندنی

# چارڵز بوکۆڤسکی

**Charles Bukowski**

**هێنری چارڵز بوکۆڤسکی ( لە ١٩٢٠ هەتا ١٩٩٤) لەدایکبووی ئەڵمانە بەڵام بە شاعیرێکی ئەمریکیی دادەنرێت وەهەروەها کورتە چیرۆکنووس و ستوونووس لەبابەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چاند وە لەڕووی وێژەییەوە بە ڕیالیزمێکی پیس** (Dirty realism) **دادەنرێت.**

## زەردەخەنەیەک وا هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە

شێعری چارلز بوکۆڤسکی[1]

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە



چەند ماسی سوورمان بوو
لە دەفرەکەدا
لە سەر مێز
لای پەردە قورسەکە
وا پەنجەرە بەرفراوانەکەی داپۆشیبوو
هەڵدەسووڕان و هەڵدەسووڕان
دایکم هەمیشە زەردەخەنەی دەهاتێ، دەیهەویست هەموومان شاد بین
پێی دەوتم: شاد بە هێنری!
ڕاستیشی دەوت؛ باشترە شاد بی گەر دەتوانی
باوکم درێژەی دەدا بە کوتانمان
چەند جار لە حەوتەیەکدا

[1] Charles Bukowski

**لەو دەمەدا وا توورەیی لە لەشـــی 189 ســـــانتیمیتریدا هەڵدەچوو**
**نەیدەتوانی تێبگا چییە وا لە دەروونیەوە هەڵمەتی دەداتێ**
**ماسییە بەستزمانەکان**
**دایکم چاوەڕوانی شادبوون بوو**
**کوتانی دەخوارد دوو یان سێ جار لە حەوتەیەکدا**
**پێی دەگوتم شاد بە هێنری، پێبکەنە؛ بۆ هەرگیز پێناکەنی؟**
**دوایی بزەی دەهاتێ**
**تا نیشانم بدات کە چۆن دەکرێ شاد بی و**
**ئەوە خەماویترین زەردەخەنەیەک بوو وا تا ئەو ساتە بینیبووم**
**ڕۆژێک ماسییە سوورەکان مردن**
**بە لایەکیاندا**
**هەر پێنجیان سەر ئاو کەوتن**
**چاوەکانیان هێشتاش واڵا بوو**
**کە باوکم هاتەوە**
**فڕێیدانە بەر پشیلەکە لە چێشتخانە و**
**ئێمە تەماشامان دەکرد**
**لە کاتێکدا کە دایکم زەردەخەنەی دەهاتێ**

**سنە، 2013**

## تابلۆ

پێم خۆشە لە چاوەکانتدا بنووم
تا لە نیگات
بە شێعرێک لە دایک ببمەوە و
بە فرمێسکێک پاک ببمەوە و
بە خەونێکت لە تۆدا بژێمەوە.

ئیرانشهەر، 2011

**یەخسیر**

**من گیراوم لە دڵ**
**لە تەنگستانی دڵدا**
**بە تۆ و بە خۆمەوە**
**نێردیوانێک لە دڵتەنگیم هەڵدەبەستم و**
**لە سنووری دڵ سەردەکەوم**
**دێم**
**بۆ لای خۆم بە تۆوە**

**ورمێ، 2012**

کورتەیەک بۆ ناساندنی

# زابینا نایێف

Sabina Naef

(لە 1974 هەتا هێستا) لە دایک بووی سویسە و لە شاعیرانی ئەڵمانی زمانە، وێژەی ئەلمانی و فەرەنسی لە سویس و فەرەنسە خوێندوە. شیعرەکانی کورت و ورد و بەمانان وا دەسهەڵاتی وێژەی فەرەنسەیان تێدا دیارە هەروەها شیعرەکانی پەنجەمۆری ژنانەیان تێدا بەدی دەکرێت. لە ساڵەکانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٢ خەڵاتی باشترین ئاسەواری ساڵی کانتۆنی زوریخ وەردەگرێ. هەتا هێستا سێ کتێب و دوو سی دی شیعری لێ بڵاو بۆتەوە. ئەم شاعیرەش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەناسراوە.

## ئاوده‌س‌خانه‌ی کافه‌یه‌ک

شێعری زابینا نایڤ[1]
وه‌رگێڕان له‌ ئه‌لمانییه‌وه‌

له‌ سه‌ر کاسه‌ی سپی ئاوده‌س‌خانه‌یه‌ک
گۆچانێکی ڕه‌شی لێیه‌
ده‌ڵێی که‌سێک له‌پڕدا
له‌ بیری چووه‌ بڕوات

ورمێ، 2014



[1] Sabina Naef

## دڵێکی مۆنتاژ کراو

بۆ «سانچۆ دۆلامانچێز» لە ڕۆمانی دۆن‌کیشۆت‌دا
هەروەها بۆ هاوڕێم بێکەس

لەشێکی بێ‌ئەندامم، سانچۆ
دە هەستەوە، سواری کەرەکەت بەوە!
سانچۆ، ئەمن ئەندامێکی بێ‌لەشم
ڕەنگە دەستت بم
ڕەنگە چاوەکانت
لە نێو چاڵی ئەوین‌دا
ڕەنگە ئەو زارەم وا قاوە بە ناو خۆی‌دا ئەمگەڕێنێ
لەگەڵ گێژەڵووکە ساتەوەختێ
لێرە بە و لەوێش بە
من ئەو چاوەم وا دەلەریتەوە
لەگەڵ شلێر
بەڵام من خۆمم
ترووسکەی مووروویەک

له مێژووی ژەنگ‌دا
سانچۆ! تەنها دەستێک دەستی تۆیە
ئەو دەستەی لە نێوان دە ئاسمان و دە خاک‌دا
لە خاک‌دا دەتنێژێ
سانچۆ! قاشە لیمۆیەکی زنجیر کراو
بدە دەست شلێر
با چنارەکان لێرە هەڵنەفڕن
با ئاشەکان نیشتیمانمان لێدەن
سانچۆ! تەنانەت شلێر دەزانێ لەشی هەورینی
لە داوێنی زریان‌دا بلەرزێنێ و
باران لە لەشی ئێمەدا ببارێنێ
سانچۆ! لە شلێر بگەڕێ
دە هەستەوە، سواری کەرەکەت بەوە!
سانچۆ دە هەستەوە!

بۆکان، 2014

## جاری وایە وشەکان لە پەنجەرەوە دەکەونە خوارێ

شێعری زابینا نایڤ

وەرگێڕان لە ئەلمانییەوە

یان لە کتێبەکان‌دا باران دەبارێ
پاش ئەو ڕۆژانە ئاگامان لێک نییە و
دایمە کاتی هەستان ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە
کە خەون بۆی چی لێوەدێت؟

بۆکان، ٢٠١٤

تێبینی وەرگێڕ: لەم شـێعرەدا نێوی شـێعرەکە هەروەک دێڕی سەرەتای شێعرەکە وایە و هەر ئەوەش ئەم شێعرەی جوان‌تر کردووە.

کورتەیەک بۆ ناساندنی

# ماشا کالێکۆ

## Mascha Kaléko

گۆلدا مالکا ئاوفێن Golda Malka Aufen (لە 1975 هەتا 1907) ناسناوی ماشا کالێکۆ ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە ،شاعیرێکی جووی ئەڵمانی زمانە، بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست نەناسراوە .

زیاتر هەڵبەستەکانی لەسەر ژیانی ئاسایی خەڵکە و بە زمانێکی زۆر ساکار دەنووسێ هاوکات خاوەن وردەکاری و جوانی کاری وایە کە بیری تیژی رەخنەگرانیش تێیدا ڕا دەمێنێ.لە ساڵەکانی ١٩٢٩ وە دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی شیعرەکانی لە رۆژنامەی فۆرزیش تسایتونگ لەگەڵ بێرلینێر تاگەبلات.

ئاسەوارەکانی تامی بابەتاکانی تۆماس مان ، هێرمان هێسە و ئالفرێد پۆلگار دەدەن.

## ناسک‌ترین هەڵبەستم

ماشا کالێکۆ[1]
وەرگێڕان لە ئەلمانییەوە

**ناسک‌ترین هەڵبەستم؟**
**نەمنووسیەوە**
**لە قوڵایی‌یەکی بێ‌بنەوە هەڵقوڵی**
**مەخابن ئەوە من بووم کە کوژامەوە**

بۆکان، ٢٠١٤



[1] Mascha Kaleko

## گۆشەنشین

**شێعری ماشا کالێکۆ[1]**

**وەرگێڕان لە ئەلمانییەوە**

**بەردیان تێ‌هەڵدەکرد**
**بەڵام لەوپەڕی ژان‌دا**
**تێی هەڵدەکردە پێکەنین**
**تەنانەت دەیهەویست ببێت**
**کەس لە دڵی ئاگادار نەبوو**
**کەس گوێی لە گریانی نەبوو**
**کە سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆی**
**بەردیان تێ‌هەڵدەکرد**
**هەر لەو بەردانە ماڵێکی بۆ خۆی چا کرد**

**ورمێ، ٢٠١٤**

[1] Mascha Kaleko